# جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان تكایە  تكایە !

## حەسارییەك

ماوەی دوو هەفتەیە بە توندی داوا دەكرێ كە  چارەسەرێك بۆ دەشتی هەولێر دابنرێ، كە جەنابت لە هەمووكەس باشتر رۆحیەتی شۆڕشگێری ئەم دەشتی هەولێرە دەناسی ، چ لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول ، چ سەردەمی شۆڕشی گوڵان ، چ لە دوای راپەڕین ، كە چۆن پارتیان دەپاراست .

یەكەم جار داوالە خودی پارێزگار كرا ، بەڵكو بە شێنەیی و بە عاقلانە ئەو جاش و كوڕە ئەنفالچییە لابدات و كەسێكی نیشتمانی بۆ دەشتی هەولێر دابنێ ، ئەوكات ئێمەش سەرمان پێی بڵند دەبوو، بێگومان پارتی و حكومەتی هەرێمیش بە هەمان شێوە.

ئێمە پێمان وایە هەر شتێك كە لە بەرژەوەندی خەڵكەكە بێت ، هەڵبەت لە بەرژەوەندی پارتی و حكومەتی هەرێمیشە.ئەوە مەبدەئی ئێمەیە. كەچی جەنابی سەرۆك ، كاك نەوزاد  كێشەكەی چارەسەر نەكردو، بگرە لەلای هەندێك كەس كە نەوزادیان بینیوە ، بێ هیچ هەڵوەستەیەك هەمووئەوانەی بە جەلالی ناوبردووە،لە كاتێكدا هەندێك لەو نووسەرانە لە دەرەوەن و بە ناوی خۆیان و بە وێنەی حەقیقی خۆیان شتیان لەسەر ئەم مەسەلەیە نووسی، كە هەموویان خەڵكی تێكۆشەرن و رابردوویەكی پاكیان هەیە . بەڵام چیبكەین نووسەران ناناسن . بۆیە ناچار پەنا بۆ سەرۆكی حكومەت بردرا ، كە چارەیەك  بكات ، بەڵام وادیارە ئەویش دەنگی نەبوو، وەك ئەوەی نە

بای بیَو نه باران ، بۆیه به تەئکید له ناچاری بوو که  پەنا بۆ بەر جەنابت بردرا ،چونکه جەنابت هیچ بەرژەوەندییەکی شەخسیت لەگەلَ هیچ  کەسیَکدا نییەو ، بڕواش ناکەین چاو له کاری خراپ و دژ به میللەت بپۆشی . چونکه مەبدەئی جەنابت له خیتابەکانت رەنگی داوەتەوە.
جەنابی سەرۆك ، ئەوە بەرپرسانن ئیَوە سەرقالَ دەکەن ، نەك ئیَمەو خەلَك، ئەوە بەرپرسانن راستییەکانتان لیَدەشارنەوە، نەك خەلَك ، ئەوە بەرپرسانن ئازارتان پیَدەگەیەنن، نەك جەماوەر ، چونکه جەماوەر هەمیشه بەدوای راستییەکان دا ویَلەو بەرپرسانیش هەمیشه له هەولَی دوورکەوتنەوە له خەلَك وله تۆمەتبارکردن و  تاوانبار کردنی خەلَکن ، نموونه زۆره بەلاَم سەرت نائیَشیَنم ، تەنها ئەوەنده له وەزیری ناوخۆو پاریَزگار بپرسه ، بەلَگەیان چیه بۆ ئەوانەی که ئەم داوایانه بەرزدەکەنەوە که جەلالی بن، خۆ هەندیَکیان ناویان ئاشکرایه ، یەکیَك لەوانه٬ یەکیَتی نیشتمانی حەپسی کردبوو هەر له حەپسخانه هەردوو دەستی شکیَندراو ، ئیَستاش دەستیَکی خواره!!!!!، ئینجا لیَیان بپرسه  کاکی وەزیری ناوخۆو موحافیز (خالَه حەمه ) کەی بووەته جەلالی ؟؟ لیَیان بپرسه  (هەلَۆ گەرمیانی) کویَیەو چ کارەیه ؟؟ بپرسه ناوەندی چاك ، دەستەی بالاَکەی ، هەر هەموویان بەلَیَ هەر هەموویان ، خەلَکی رابردوو پاك و تیَکۆشەر بوونه یان نا ؟؟هەمیشه له سەنگەری میللەت دا بوونه یان نا ؟؟؟؟، ناوەندی چاك جگه له داکۆکی کردن له خەلَك و جگه له بەربەرەکانی کردنی توندی کۆنه

بەعسیەکان و  وروژاندنی دادگایی‌کردنی ئەنجام دەرانی  کیمیا باران کردنی هەڵەبجەو ،  دیاریکردنی چارەنووسی زیاتر لە ١٨٢٠٠٠ئەنفال و.....هتد، شتێکی تری هەیە؟؟؟؟  کوێ بوو رۆژی ١٤/٤  ی بۆ رۆژی ئەنفال دیاری کرد ، مەگەر هەر ئەو برادەرانەی ئێستای  چاك نەبوون ، کوێ بوو  نزار خەزرەجی لە دادگای نێو دەوڵەتیدا ، بە رەسمی بە تاوانبار ناساندو ، ئەم دونیا پان و بەرینەی لێ کردبوو بە کونە مشك . کوێ بوو دەیان تاوانباری دیکەی پەلکێشی دادگا کردووەو ، لە دادگای نێو دەوڵەتیدا بە رەسمی فایلی بۆ کردوون ، کوێ بوو .......؟ کوێ بوو .........؟ کوێو........کوێ ....؟؟؟؟ ئەگەر هەر تێبینییەکت لەسەر راستی ئەو نووسینانە هەیە ، ئامادەینە هەموو چالاکیەکانمانت بۆ بنێرین ، کە بەراستی   ئێمە راستین یان بەرپرسەکانت ؟؟ ئێمە درۆ دەکەین یان بەرپرسەکانت ؟؟دڵنیام ئێستا یەکسەر دەڵێی وەڵلا بەرپرسەکانم درۆ دەکەن ، چونکە بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێت . کەواتە جەنابی سەرۆك چی ئەبێ ئەگەر ئەم جاشەمان بۆ بگۆڕن ، چی ئەبێ ئەگەر خەڵکی ئەم دەڤەرە ئاسوودە بکەن ؟ دڵنیابە ئەگەر خۆت تەدەخول نەکەی  ئەوان لەبەر بەرژەوەندییەکانیان هیچ ئیجرائاتێك ناکەن، دڵنیابە ئێستا ئەوان دەیانەوێ بەرێزیشت لەبەر چاوی خەڵکەکە جۆرێکی تر لێبکەن ، بەڵام زۆر هەڵەن وەك چۆن هەموو ژیانیان هەڵەیە .

چۆن ئامادە نەبووی ئاڵای بەعس لە کوردستان هەڵبدرێ ، ئاواش رازی مەبە جاش و کوڕە ئەنفالچی ببنە واجیهە.